سەدر: مادورۆ بەدەستی زەردار کەوت و چارەنووسی گەندەکارانی دیکەش هەروا دەبێت



موقتەدا سەدر، ڕەبەری ڕەوتی نیشتمانی شیعە، لەبارەی دەستگیرکردنی مادورۆ پەیامێکی بڵاوکردۆتەوە و ڕایگەیاند، "ئەوەی لە کاراکاس لەسەر دەستی ترەمپ ڕوویدا، پەیامێکی ڕوونە."

ڕەبەری ڕەوتی نیشتمانی شیعە لە پەیامەکەیدا دەڵێت، "ئەوەی لە کاراکاس لەسەر دەستی ترەمپ ڕوویدا، پەیامێکی ڕوونە سەبارەت بە بەجیهانیبوون کە ئامانجی ستەمکارانی جیهان بووە و هەرواش دەمێنێتەوە."

ئەمە شەممە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، هێزە تایبەتەکانی وڵاتەکەی توانیویانە نیکۆلاس مادورۆ و هاوژینەکەی لە کاراکاس دەستگیر بکەن و بیانبەنە دەرەوەی وڵات.

موقتەدا سەدر، ڕووداوەکە بە پەیامێک بە هەموو دژبەران و نەیارانی سیاسەتەکانی ئەمریکا وەسف دەکات و دەڵێت، "ئەو پرسەی دەستگیرکردنەی ترەمپ کردوویەتی، ڕێنگە پشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت."

سەدر پەیامەکەی ئاراستەی ڕەکخراوە نەودەوڵەتییەکانیش دەکات و دەڵێت، "ئەمە پەیامەکە بە هەموو ڕەکخراو و یاسا نەودەوڵەتییەکان، لەوانەش ئەنجوومەنی ئاسایش، نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگەی نەودەوڵەتی، مافەکانی مرۆڤ و هەموو ئەوانی دیکە."

موقتەدا سەدر ڕاشیگەیاند، ئەگەر ئەمە، ڕووخانی مادورە و دەسەڵاتەکەی لەسەر دەستی ستەمکارێک بێت، "ستەمکار شمشێری منە، تەنەی پێ دەکەمەوە و تەنەی لە دەکەمەوە، ئەوا ڕووخانی ستەمکاران و گەندەڵکارانیش بە هەمان شێوە یان بە ڕێگەی دیکە دەبێت کە جگە لە خودا کەس نایزانێت."

لە کۆتایی پەیامەکەیدا، ڕەبەری ڕەوتی سەدر نووسیویەتی، " خودایە، ستەمکاران بە ستەمکارانەوە سەرقاڵ بکە و ئەمەش لە نەوانیاندا بە سەلامەتی دەرباز بکە. خودایە، وامان لێ بکە لەو چاکانە بین کە نیشتمانمانیان خۆشدەوێت و لە نەوان ئەمە و گەلی ستەمکار و گەندەڵکار و پاشکەکاندا جیاکەرەوە بە، ئەوانەی لە زەویدا ستەم و تیرەر و سەربەینیان بەاوکردەوە"